# ژنێک لە دارگێلاس

پشکۆنەجمەدین

میوانم بە!...
لە بەفرستانی مەنفادا، شاری تیشکین، شاری شیعر،
لەوێندەرێیە ماڵی من!
لە شەقامی ئەو پەیڤانەی لە مردنمدا هەڵدەفڕن،
شەقامێکە بە ناوی ژن!.
ئادرێسی من:
کوچەی باران، تەلارێک بە رەنگی رووبار،
نهۆمێک دراوسێی هەور،
دەرگایەک بە دەنگی ئەشق و ڕاڕەوێک لە بۆنی مێخەک...
لەوێندەرییە ماڵی من.

بەربەیانێک میوانم بە!
کە پەنجەرە پەلی تیشکێک دەکێشیتە ژێر پێخەف و
پەنجەکانی یاری بە ژێی دلّم  دەکەن.
میوانم بە!
لە ماڵێکی گەرموگوڕی بێئاگردا،
لە ماڵێکی تیشکباری بێچرادا...
ماڵێک، ساپیتەی شەبەنگ و
دیواری  چلچرای خەون!.

میوانم بە!...
ساتێ مەنفا لەنێو بەفردا خەوتووە
ساتێ بەفر بۆ ساتێکیش چاو لێک نانێ!.
بەفر خانەخوێیەکی نانبدە
بەفر کابانێکی دەستتەڕ...

بەفر بەوەفاتر لە پاشاکانی نیشتمان،
بەفر بەئەمەکترین دۆستی من و
گەرمترین کفنی شەهید!.

لە ماڵی مەنفادا
لە ماڵی بەفردا
لە ماڵی شیعردا
لە ماڵی شەهیدا
ئێمە میوانێکی خاوەنماڵین.

زەردەپەڕێک میوانم بە!
من، تۆ، شەهید و بەفر و شەڕەتۆپەڵ..
من، تۆ، شەهید و شیعر و  سەماکانی زۆربا!.
من و تۆ و ماڵێک،  خەمەکانی لە یادگارییەکانی شەهید،
خەندەکانی لە زەردەی سەرلێوی  بەفر!.

میوانم بە!.
تۆ ئەی ژنێک لە دارگێلاس!.
ئەگەر نا، من بەم ئادرێسە میوانتم:

بەفرستانی مەنفا
شاری شیعر
شەقامی ژن
کوچەی باران
ئەپارتمانی رووبار و
نهۆمێک دراوسێی هەور!.

ئەمە ماڵی خەونەکانی من و تۆیە!.

Pishko2000@hotmail.com